# خاڵخاڵۆکە

٦

پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێری نوێ یە ژمارە (٦) ی زستانی ٢٠٢٥



# وەرزی زستان

**منداڵینە،**

**زستان وەرزێکی ساردو سەختەو بەتایبەت بۆ ناوچەکەی ئێمەش شارباژێڕ سەختتر، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی کوێستانییە.**



**هەروەک دەزانن خواردنی باڵندەو گیانداران زۆربەیان لە میوەی درەختەکانە کە لە ئێستادا یان لێکراوەتەوە یان بووە بەژێر بەفرەوە. ئەو مێروانەشی کە خۆراکی هەندێ لە باڵندەکانن ئێستا یان مردوون یان لە خەودان و دەستگەیشتن پێیان بۆ باڵندەکان ئەستەمە.**

**بۆیە پێویستە بە میهرەبانییەوە ڕەفتار بکەین و خۆراکیان پێبدەین و ئەو خۆراکانەی لە خۆمان زیادە بۆ ئەوانی دابنێین. تا ژیانیان لەو زەحمەتییە ڕزگار بکەین.**


ژمارە (٦) ی زستانی ٢٠٢٥
پاشکۆی منداڵانی گۆڤاری شارباژێڕی نوێ یە
ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات
لێپرسراوی ناوەند:
ئامانج شارباژێڕی
سەرنووسەر:
سەرهەنگ عەبدولڕەحمان
07701585241
دەستەی نووسەران:
ئازاد تەها - ئەنور شارباژێڕی - ئارەزوو عەبدولخالق

خاڵخاڵۆکە ٦
ماڵی خاڵم لە کوێیە؟

ناونیشان:
سلێمانی - ناحیەی سیتەک
ئۆفیسی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

چاپ: چاپخانەی پاندا
دیزاین: جەلیل حسێن




# ماچی دایەو بابە

دالناز عەبدولڕەحمان - سوید

دایە ڕومەتت پاکە
ماچی بکەم قەیناکە
ئا.بەقوربان چاوەکەم
ماچم کە منداڵەکەم
بێنە تۆش ماچێ بۆ من
وەرە پێشێ دەی خرپن
ئای لەو ماچە شیرینە
گوپت وەکو هەنگوینە
بڕۆ باوکیشت ماچ کە
بفڕە وەک قەلەباچکە
باوکە ڕومەتت بێنە
دەی دەی دڵم مەشکێنە
یەک ماچم بەرێ توخوا
با دڵم تێر ئاو بخوا
گوڵم تۆش وەک من وابە
ماچێ بدە بە بابە
وەی لەو ماچە خنجیلە
دەمم پڕ بوو لە شیلە
سوپاس بۆ دایە و بابە
بۆ ئەو دیارییە نایابە



# نەوەی دواڕۆژ


نەجمەدین کاکەبرا

ئێمە نەوەی دواڕۆژین
ئامانجمان دیارە بۆژین
بۆ پێشکەوتنی وڵات
بەبێ وچان دەکۆشین
هەروەک گزنگی بەیان
کە دەبڕێ لوتکەی کێوان
دەبینە تیشکی ڕوناکی
بە هەوڵی جوان وپاکی
کارمان بە هەرەوەزە
باخچەی ژیانمان سەوزە
ورەمان یەک جار بەرزە
کردەوەیە نەک حەزە



# پەرتووک

ئاکۆ محەمەد سابیر- سوید



پەرتووک ڕوناکی ژینم
هیواو هاوڕێی گەشبینم
سازگارترین سەر چاوەیت
ئەی کانیلەی شیرینم
..................
وانە ی باشم فێردەکەیت
زمانم پاراو دەکەیت
ئاژەڵ دۆست ،ژینەگە دۆستی
تێڕوانینم جوان دەکەیت
........
خەیاڵم دەڕازێنیت
ئاسودەیم بۆ دێنیت
بە چیرۆکی پڕ لە چێژ
شەوانە دەم خەوێنت
.......
لەماڵدا کتێبخانە
هەنگوینە لەنێو شانە
ئاوەدانی و شادیە
چراو ڕۆشنایمانە

# پۆلەکەم

شەرمن ئیبراهیم ئەحمەد

ئەمرۆ هاتمە پۆلەکەم
بینیم تەختەو کورسیەکەم
گۆڕەپان و حەوشەو هۆڵ
پڕ زبڵ و کاغەز و خۆڵ
دیمەنێکی شێواو بوو
قوتابخانەم وێران بوو
هاوڕێیانم گورج و گۆڵ
بیهێنن سەبەتەی خۆڵ
وەرن وەرن، ڕاکەن زوو
خاوێنیکەین زوو بە زوو
ماڵی پیرۆزی هەمووانە
خۆشمان دەوێ قوتابخانە



# میوانداریيەکەی ڕێناس

لە تورکییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

کەش و هەوای زستان زۆر سارد بوو، شەوان زەوی دەبووە سەهۆڵبەندان و دەیبەست. ڕۆژێکیان بەفرێکی زۆر باری کە ئەمەش وایکرد باڵندەکان هیچ خواردەمەنیەکیان چنگ نەکەوێت.

هەربۆیە یەکێ لە باڵندەکان وتی: وا بڕوات لەبرسا دەمرین.

قەلەڕەش لەولاوە هەڵیدایەو وتی: من لەسەر مردنم، ئێستا تەنها پێست و ئێسکم لە ژێر پەڕە ڕەشەکانمدا.

باڵندەکان لەبیرکردنەوەی ئەوەدابوون، چی بکەن!؟ کە بەیانیەکیان بولبولێك بە هەواڵێکی مژدە بەخشەوە هات و وتی: هاوڕێیان میوانداریيەك هەیە! باڵندەکان میوانداریيەك هەیە! کیژۆڵەیەك هەموو ڕۆژێك ئێمە بۆ سەر مێزێك میوانداری دەکات و چەندین جۆر خواردنمان بۆ دادەنێت.

باڵندەکان لەگەڵ ئەم هەواڵەیان بیست، تێکڕا بە کۆمەڵ هەڵفڕینە ئاسمان و بولبولیش بووە ڕێبەریان و ڕێگەکەی پیشاندەدان.

کاتێک گەیشتنە باخچەکەی ڕێناس، نیشتنەوە. سەیریانکرد لەناوەڕاستی باخچەکەدا تەختەیەکی چوارگۆشە هەبوو، کە بە بزمار بەدارێکەوە داکوترا بوو. ڕێناس لەسەر ئەم مێزە میوانداری ساز دەکرد.بەڵام چ میوانداریيەك! وردە نان، شەکرە وردە، پەتاتەی کوڵاو، دانەوێڵە، کاکڵەگوێز.

باڵندەکان بەشادمانییەوە بەسەر باخچەکەی ڕێناسدا هەلدەفڕین و دەسوڕانەوەو لەو خواردنە بەلەزەتانەی ئەم کیژۆڵە دڵسۆزەیان دەخواردو پێکەوە دەیانوت: بژی دادە ڕێناس. بەمجۆرە سوپاسی خۆیان بۆ دەردەبڕی.

ئەو زستانەش هیچ یەك لە باڵندەکان لەبرساندا نەمردن. بەهار هاتەوەو باڵندەکان هەموو کۆبوونەوەو بیریان کردەوە چی بکەن بەرامبەر بەو چاکەیەی ڕێناس.

کەناری وتی: من ئاوازێکی خۆشی بۆ دەخوێنم.

دارکونکەرەش هاواریکرد: هەموو درەختەکانی باخچەکەی لەکرم پاك دەکەمەوە.

بولبولیش وتی: من گوڵەکان لە مێرووە زیانبەخشەکان پاك دەکەمەوە.

منداڵە نازدارەکان: دە ئێوەش بنوسن؛ باخچەکەی ڕێناس پڕە لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ و جریوە جریوی شیرینی مەل و باڵندە.



نوسەرانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد

# عەلادین سەجادی

ئا: ڤینا

**عەلادین کوڕی شێخ نەجمەدین حیسامەدین باراوی بووە. ساڵی (١٩٠٧) لە دێی (باراو)ی شارباژێر لەدایکبووە.**

**کاتێک کە بووە بە فەقێ لێرەوە چۆتە شاری  سنە، نازناوی سەجادی وەرگرتووە، دوایی هاتۆتەوە بۆ باراو و جگە لەوەش هەر لەسەر نفوسی باراو ناسنامەی بۆ دەرهاتووە. مزگەوتە کۆنەکەی باراو، لەلایەن باپیرییەوە دروستکراوە.**

**ساڵی (١٩٢٧) بۆ خوێندن هاتووەتە شاری سلێمانی و لەمزگەوتی شێخ جەلال و مزگەوتی حاجی مەلا ڕەسوڵ بووە بە فەقێ، ساڵی (١٩٣٨) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە و چووە بۆ بەغداو بووە بە پێشنوێژی مزگەوتی نەعیمە خاتوون.**

**ساڵی (١٩٣٩)دا چووەتە بواری ڕۆژنامەنووسی و لەساڵی(١٩٤١)دا بووە بە بەڕێوەبەری گۆڤاری (گەلاوێژ). هەر بە هەوڵی ئەو لەگۆڤاری گەلاوێژدا گۆشەیەکی تایبەت هەبووە بۆ منداڵان، کە بەمەش وەک نوسەرێکی ناسراو خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبیاتی منداڵانی کورد کردووەو لەهەر ژمارەیەکدا مامۆستا عەلادین سەجادی چیرۆکێکی پەندو ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ منداڵان تێدا بڵاوکردۆتەوەو لەزۆربەی ئەو چیرۆکانەدا سوودی لە فۆلکلۆر وەرگرتووە. بۆ نمونە چیرۆکەکانی: دوو براکە، سێوەنگ و مام ڕێوی، ڕاوەژیژک، پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە گۆڤاری گەلاوێژ یەکەم گۆڤاری کوردییە کە گۆشەی تایبەتی بۆ منداڵی تێدا تەرخان کرابێ لەو سەردەمەدا.**

**مامۆستا عەلادین لە ڕێکەوتی ١٣-١٢- ١٩٨٤ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بەخاک سپێردرا.**



# گۆمی ناور

ئا: خاڵخاڵۆکە

ئەم گۆمە دەکەوێتە پێش گوندی شەشۆ لە شارباژێڕی رەنگین و سەر بەقەزای ماوەتە. دووری شوێنەکە لە سلێمانییەوە ٧٠ کیلۆمەترە. سەرچاوەی ئاوی ئەم گۆمە تەنها ئاوی بارانە و لەگەڵ نەمانی وەرزی باران بارین گۆمەکەش وشک دەبێت ، بەڵام دیمەنی گۆمەکە زۆر تایبەت و ناوازەیەو هاوشێوەی گۆمی فێڵاوی ناوچەی چۆمانی باڵەکاتییە، بەڵام ئەمیان بە دارستانێکی چڕ دەورە دراوە. شوێنێکی زۆر جوان و دڵگیرە، هەربۆیە ساڵانە خەڵکێکی زۆر سەردانی ئەم شوێنە دەکەن. باشترین کات بۆ سەردان کردنی ئەم گۆمە سەرەتای وەرزی بەهارە، چونکە لە وەرزی هاویندا وشک دەکات.




# کەروێشک

ئارەزوو عەبدولخالق



کەروێشکەکەم توکنە
ڕۆیشتنی بە قونە قونە
نەرم و نیان و وردە
گەلێ بەدەست و بردە
خرپن و زۆر ڕوخۆشە
گێزەری زۆر لا خۆشە
هاوڕێی مرۆڤی ژیرە
دەستەمۆیە، دڵگیرە






# پەمەیی جوانترینە!

لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان



ئەمڕۆ جەژنی لەدایک بوونم بوو.
هەم کێکەکەم و هەم میزەڵدانەکانیشم پەمەیی بوون.
ئاخر من زۆر حەزم لە ڕەنگی پەمەییە.
ڕەنگی جلەکانم گوڵی بوون.
قردێلەکەی سەریشم پەمەیی کاڵ بوو.
بە دایکم گوت: تکایە با کرێمی کێکەکەش پەمەیی بێت!
دایکم بۆ ساتێک بیری کردەوە، پاشان قاپێک ماست و سەبەتەیەک شلیکی هێنا.
ماست و شلیکەکەی پێکەوە تێکەڵ کرد. کرێمی پەمەیی ئامادە بوو.





زۆربەی دیارییەکانم پەمەیی بوون.
هەروەها کەروێشکێکی پەمەییشم کڕی. بۆ خۆی ڕەنگی پەمەیی کاڵ بوو و جلەکانیشی سووری کاڵ بوون.

ئەمشەو هەموو دیارییە پەمەییەکانم لەباوەش دەگرم.
لەسەر جێگا نوستنە پەمەییەکەمدا دەخەوم.
خەونی پەمەیی دەبینم.



ئەم گوڵانە بە ڕەنگی پەمەیی، ڕەنگ بکە



# تۆپە ونبووەکە

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

ڕۆژێک ئایان و ڕاسا، لەگەڵ هاوڕێکانیان لە باخچەکەی نزیک ڕووبارەکە بەتۆپەکەیان یارییان دەکرد، پێکەوە ڕایان دەکردو پێدەکەنین و خۆشی خۆیان دەردەبڕی.
لەپڕ تۆپەکە کەوتە قەراغی ڕووبارەکە، خلبووەوە و کەوتە ناو ئاوەکەوە.
لەو کاتەدا مراوییەک پەیدابوو کە ناوی بوتی بوو، پێیوتن: "هاوڕێیان دڵتەنگ مەبن من یارمەتیتان دەدەم و بۆتان دەردەهێنمەوە."

بوتی چووە ناو ڕووبارەکەو لە ئاوەکەدا دەنوکی کردەوە، پاش کەمێک بە دەنوکی پاڵی نا بە تۆپەکەوە بۆ قەراغ ڕووبارەکە.
ئایان هاواریکرد: تۆپەکەمان!!
هەردووکیان هەوڵیاندەدا تۆپەکە دەربهێننەوە، بەڵام ڕووبارەکە قووڵ بوو.
ڕاسا و ئایان هاواریان کرد: سوپاس بوتی گیان، تۆ پاڵەوانی ئێمەی، بوتی زەردەخەنەیەکی کردو وتی: پێویستە ئێمە هەمیشە یارمەتی یەکتر بدەین.
لەو ڕۆژەوە بوتی بوو بە هاوڕێی منداڵەکان. ئەوانیش هەموو ڕۆژێک لە باخچەکەدا سەردانیان دەکرد.





# گوڵدانی ڕێوی











١- قوڕەکە هەڵدەشێلین و دەیخەینە ناو کوپێکی کاغەزەوە، بەشێوەیەک کە پڕ بێت.

٢- بە فشاری پەنجە، چاڵێک دەکەینە ناوەڕاستی قوڕەکە.

٣- دوای کاتژمێرێک کە قوڕەکە کەمێک وشک بووەوە، کوپەکە لە قوڕەکە جیا دەکەینەوە.

٤- بە تۆزێک قوڕ، دەم و لمۆزی ڕێوییەکە دروست دەکەین.

٥- دوو گوێ دروست دەکەین و گوێ بۆ ڕێوییەکە دادەنێین.

٦- دوای ئەوەی گوڵدانەکەمان بە تەواوی وشک بووەوە، بۆیەی دەکەین.

هەروەها دەتوانیت شێوەی تریش دروست بکەیت.



# گوڵ و هەنگ



لەفارسیەوە: ئازاد تەها عەلی

چیرۆکخوان: سڵاو منداڵە ئازیزەکان... من و ئاتل و ماتل دەمانەوێت نمایشێکتان بۆ بکەین.

ئێستا بیهێنە بەرچاوتان ئاتل و ماتل داریان بەدەستەوەیە.

ئاتل: کوش؟ لەکوێیە؟

ماتل: پێمبڵێ لە کوێ خۆی حەشارداوە، تا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەین.



چیرۆکخوان: کێ؟ چی؟ لەکوێیە؟ چی بووە؟ بۆچی بە دەوری مندا دەخولێنەوە؟

ئاتل: ئەو هەنگە قێزەونە، ئەوەی کە بەهەموو گوڵەکانی ئێمەوەی داوە.

ماتل: ئەو هەنگە ویزە ویزکەرە بە لمۆزە درێژەکەی شیلەی گوڵەکانی ئێمەی مژیوە.

چیرۆکخوان: ئەها، ئێستا تێگەیشتم.

ئاتل: چەندە سەرسوڕهێنەرە!

ماتل: ئێستە پێمان بڵێ لە کوێیە؟ تا لێپرسینەوەکەمان ئەنجام بدەین.


چیرۆکخوان: هەنگەکە کارێکی خراپی نەکردووە، بەڵکو دەبێت خەڵاتی پێبدرێت.

ئاتل: چی!

ماتل: لەباتی سزا، خەڵاتی بدەینێ؟

چیرۆکخوان: بەڵێ، دەبێت خەڵاتی پێبدرێت، ئەگەر ئەو نەبوایە هەموو گوڵەکان لەناو دەچون، هەنگ هاوڕێی گوڵەکانە. هەنگ و هەندێک لە مێرووەکانی تری وەک پەپوولەو خاڵخاڵۆکە، شیلەی گوڵەکان دەمژن.







ئاتل و ماتل: کارێکی خراپ دەکەن.

چیرۆکخوان: هەنگەکان  هەڵاڵەی گوڵەکان لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێکی تر دەگوازنەوەو دەبێتە هۆی گەردەپژێنی گوڵەکان و گوڵی نوێ دروست دەبێت. بەمەش دەوترێت هاوژیانی.

ئاتل: واتا ئەگەر هەنگەکان نەبن، گوڵەکان زۆر نابن؟

چیرۆکخوان: نا، زۆر نابن. گوڵەکان ناتوانن بەپێ بڕۆن.

ماتل: واتە....ئێمە...... دوبارە ....

چیرۆکخوان: بەڵێ دوبارە هەڵەتانکردووە، بەڵام کێشە نیە. بەڵکو لەباتی ئەوە شتێکی نوێ فێربوون و تێگەیشتن کە.....

ئاتل: هەنگەکان و گوڵەکان هاوڕێی یەکترن.

ماتل: ئەوان هاوکاری یەکتری دەکەن.

چیرۆکخوان: ئێستا واباشترە بڕۆن لەگەڵیا ئاشت ببنەوەو ئەملاولایان ماچ بکەن.


باشە منداڵان، ئەمەش هەر نمایشی ئێمەیە، بەڵام گوێچکەکانتان بگرن تا گوێتان لە مڵچە مڵچی ئاتل و ماتل نەبێت، گوێتان لێ بوو؟ گوتیان مڵچ. چاوەڕوان بن ئەوان بێن، بزانین چی بووە.

ئاتل و ماتل: ئێمە گەڕاینەوە.

ئاتل: ئەمە هەمووی ئەنجامی ماچکردنی ڕوخساری بەڕێز هەنگ بوو.

چیرۆکخوان: باشە کەواتە چی بکەین؟ (هەمووان پێکەوە پێدەکەنن)

ئەمەش کۆتایی نمایش خواتان لەگەڵ.



# سمۆرە و قەل

نەوزاد محەمەد ئالانی

ڕۆژێک سمۆرەی وریا
گوێزێک کەوت بەسەریا
کە ڕوانی وا قەلەڕەش
لەسەر لقە گوێزی گەش
کام گوێزە زل و جوانە
ئەیبات بەرەو هێلانە
سمۆرە چو بۆ لای قەل
سەرکەوت ئەم پەل بۆ ئەو پەل
سمۆرە وتی بەقەلە
چی ئەکەی لەسەر ئەو پەلە

ئەمە کەی خواردنی تۆیە
خواردنی تۆ گەنم جۆیە
یان توە یان هەنجیرە
کەی گوێز بۆ قەلی پیرە
قەل وەڵامی داوە
وتی بڕۆ بەولاوە
گوێز هەر خواردنی منە
هی منی گوپ خڕپنە
زۆربەی گوێز من ئەینێژم
کاتێک ئەیخۆم ئەیڕێژم






ئەو گوێزە کە کەوتە خوار
دادەبەزم لەسەر دار
ئەچم ژێرگڵی ئەکەم
بە قاچ و  دەنوکەکەم
ئەو گوێزەیە دێتەبەر
کە من بۆی هاتومە سەر
سمۆرە وەڵامی داوە
ئاتۆ وەرە بەم لاوە
ئەوە کەی گوێز ناشتنە
گوێزناشتن وەکو منە
من دڵم نایە بیخۆم
هەڵیدەگرم و ئەڕۆم
تا دەچمە شوێنێکی چاک
دەیکەمە ژێر گڵی پاک
کاتی دەمەو بەهارێ
باران زۆر لێی دەبارێ
چرۆ دەکاو دێتە بەر
بۆیە وا من دێمە سەر

زستان دەیکەم بە ماڵم
شوێنی خۆم و مناڵم
کونی دەکەمە بێتان
لەکاتی سەرمای زستان
قەلیش وتی کەواتە
گشت گوێزی ئەم وڵاتە
بەدەست من و تۆ ڕواوە
مرۆڤیش ئاوی داوە
هەرسێکمان بەشی دەکەین
زیاتر بەشی ئەو ئەدەین
سمۆرە وتی بەمام قەل
تۆزێکی تر لەسەر پەل
مرۆڤ بێت و چاومان کا
ڕەنگە هەردووکمان ڕاو کا
ئەوان سپڵەن، نازانن
بەوچاوەوە بڕوانن
بەشی بکەن بەبێ غەش
بۆ خۆیان و بۆ ئێمەش

# شێرە بەفرینە



ئەو کڵاوانە بدۆزەرەوە کە دایکەکە بۆ منداڵەکانی چنیوە. بازنەیەک بەدەوریاندا بکێشە.

ژمارەکان بە زنجیرە بەیەک بگەیەنە تا لانەی باڵندەکە دروست ببێت.

ناوی هەر شێوەیەک لە خشتەکەدا بدۆزەرەوە، وەک نموونەکە بازنەیەک بە دەوریاندا بکێشە.


ە ت
ن ە ب ێ ت
چەند پیتێکمان نوسیوە، تۆش پیتی یەکەمی هەر وێنەیەک بنووسە. ڕستەیەکت دەست دەکەوێت.
دوو لەو شوتیانە لەیەک دەچن. نیشانەیان بکە.
ڕێگا بە مێروولە بچوکەکە پیشان بدە، تا زووتر بگاتە لای هاوڕێکانی.



# تەشی

ئا: ئەنوەر شارباژێڕی

تەشی ئامێرێکی کەلەپووری کوردییە، بۆ ڕستنی خوری مەڕ، مووی بزن و کوڵکی مەرەز بەکاردێ.
ئامێری تەشی یەکێکە لە داهێنراوەکانی بیری ژنی کورد، کارسازانی کورد بە زۆری لە داری گوێز و توو درووستی دەکەن، لەم بەشانە پێکدێ: کلکە تەشی، کە دارێکی باریکی لوولەکییە، درێژییەکەی 20 بۆ 30 سم دەبێ، هەروەها سەلکە تەشی: دارێکی بازنەیی دوو دیو تەختە، تیرەکەی 5 بۆ 7 سم دەبێ، بە سەری کلکە تەشییەوە لکاوە. لەگەڵ ئەمەدا بەشێکی تریان قولاپێکی بچووکە لە مادەی کانزایی ئاسن درووست دەکرێ و لە چەقی سەلکی تەشیدا دەچەقێنرێ، بۆ ئەوەی هەڵوێزراوی پێوە بەندبکرێ.



لە کۆنەوە بەکاردێت و تایبەت بووە بە کچان و ژنان. بە ئیشەکە دەوترێت تەشی ڕستن و بەو کەسەی کە ئیشەکە دەکات، دەوترێت تەشی ڕێس. تا ئێستاش لە کوردستان و هەندێک لە وڵاتانی جیهان تەشیڕستن ماوە.
تەشی ڕستن کارێکە زیاتر ئافرەتانی کورد پێوەی خەریك دەبن، کردارەکەشی بریتییە لەوەی ژنان یان کچان هەندێك خوری لە دەستی خۆیانەوە دەئاڵێنن، هەندێکیشی بەسەری قولابەکەوە دەخرێ و، بە پانایی دەست بەسەر ڕاندا جوڵەی پێدەکرێت و دەخولێنرێتەوە. بەم شێوەیە لەسەرەوەش بە پەنچە خورییە گەورەکە تەنك و باریك دەکرێتەوە دەبێتە داوێکی نەپچڕاو، کە زیاتر پاڵپەستۆی پەنچەکان وادەکات لە خوورییەوە ببێتە داو، دواتریش لە خوارەوە بەهۆی سووڕاندنەوە داوەکە لە تەشییەکە دەئاڵێنرێ و کۆ دەبێتەوە، پاشان لێدەکرێتەوە و دەکرێتە سەرکە تۆپێك لە داوی خووری.

# خاڵخاڵۆکە

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

جوانیت، وەکو خۆرهەتاو
خاڵخاڵۆکەی باڵنەخشاو
کە دەتبینم لەسەرچڵ
ئاسودەو بەختیارە دڵ
باڵەکانت لێکدەدەی
خەم لەدڵتا دەردەکەی
تۆ جوان و بێ زیانی
خۆشەویستی هەموانی
ئازیزی مناڵانی
شارەزای ناوماڵانی
من حەزدەکەم هاوڕێم بی
لەسەر شان و دەستم بی
جارجار بفڕە بۆ بەرزی
تۆ ئازادو سەربەرزی
بەڵام منی هاوڕێی خۆت
هەمیشە دڵسۆزم بۆت

